Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

**Kurdish Human Rights Association**

---

به بۆنەی شەست و سێهەمین ساڵوەگەڕی ڕاگەیاندنی ئێعلامیەی جیهانیی مافی مرۆڤ

ڕۆژی شەممە، 10ی دەسامبەری ساڵی 2011 ڕێکەوتە دەگەڵ ڕۆژی لە دایکبوونی ڕاگەیاندنی جیهانیی مافی مرۆڤ. ئەم یادنامەیە لە کاتێکدا یادی بەخێر دەکرێتەوە کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کۆمەڵێکی یەکجار زۆر لە تێکۆشەرانی ئازادیخواز و ئەندامانی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ لە ژێر بێرەحمانەترین ئازار و ئەشکەنجەی گراندا ڕۆژ بەسەر دەبەن. زیندانی لە ئێراندا بێبەشە لە سەرەتایی ترینی مافەکانی ئینسانی.
بڕیارنامەی 217 لە لە لایەن ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتەوەکانەوە لە 10 دسامبری 1948 پەسەند کرا و ئەلینور ڕۆزولت سەرۆکی ئەو کاتی کوموسیونی ڕیکخراوی مافی مرۆڤ ئەو پەسەندکراوەی بە ماگنا کارتا ناوزەد کرد و بە 48 دەنگ بڕیاری لە سەر درا.
ئەم بڕیارنامەیە ، کە ئێرانیش یەکێک لە واژۆکەرانی بوو، لە 30 خاڵ پێکهاتووە.ئەم 30 خاڵانە هەموو مافەکانی حقوقی ـ ئابووری ـ کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و فەرهەنگیی مرۆڤی سەر زەوی دە خۆی دەگرێت. خاڵەکانی 3 ـ 21 سەبارەت بە مافی سیاسی ـ مەدەنیی تاک و کۆی کۆمەڵگای مرۆڤە. خاڵەکانی 22 ـ 27 لە مافەکانی فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتی و ئابووری دەدوێت، کە تێیدا باس لە ڕێکخراوە پیشەیی دەکات و بەشداریی ئازادانەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای ئینسانیی تێدا دەستەبەر دەکات. تێیدا، خوێندن و ئاخافتی(قسەکردن) بە زمانی زگماکی ، یەکێک لە سەرەکی ترینی مافی مرۆڤ ناسێندراوە.

ئێران ئەگەرچی یەکێک لە واژۆکەرانی ئەم پەیماننامەیە، کەچی لە بەر چاوی جیهانیان یەکایەکی بەندەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی دێنێتە بەر پرسیار و بە ئاشکرا پێشێلیان دەکات. هەر ئێستا، واتە لە ساڵوەگەڕی پەسەندکردنی ئەم ئێعلامیە جیهانییەدا، زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مرۆڤی هەڵسوڕاوی مەدەنی، مامۆستایان، کرێکاران، خوێندکاران و هەموو چین و توێژەکانی بیرجیاواز و تێکۆشەری ئێرانی، ئاخندراون.
لە یەکەم مادەی بەیاننامەکە دا هاتووە کە : " مرۆڤ بە ئازادی دێتە سەر دنیا؛ هەربۆیە لە باری چۆنییەتی ژیانی دا دەبێ ئازاد و بەرامبەر بن..." ئەم سەربەستیی و ئازادییە هەتا ئاخر مادەی بەیاننامەکە پشتی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئازادی و کامەرانی دەگرێت، کەچی ئێران بە شێوەیەکی سیستماتیک پێشێلکەری هەموو خاڵ و بەندەکانی پەیماننامەیە. لە ئێرانی فرەنەتەوەیی دا هیچ نەتەوەیەک بۆی نییە بە زمانی زگماکی خۆیی بخوێنێت و سەرجەم ناچارن بە زمانی فارسی خواست و هەستی دەروون دەر ببڕن.

---

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

**Kurdish Human Rights Association**

---

له كاتێكدا كه خاڵی نۆهوم دەڵی " هیچ كەسێك به بێ هۆ نابی دەستبەسەر – زیندانی یان تەبعید بكردرێت " ئەوه له حالێكدا مەلاكان و دادوەرانی كۆماری ئیسلامی ئێران له كەمتر له 10 خولەك، خەلكانیكی زۆریان به ئێعدام و زیندانی درێژخایەن سەزا داوه.
كاتی ئەوه هاتوه پێشێلكاریەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران له بواری مافەكانی مرۆڤ بەتایبەت و بوارەكانی تری سیاسی و كۆمەلایەتی و سنفی، به پێی پێوانەكانی جارنامەی مافەكانی مرۆڤ له قاو بدرێت و هەمو ئەو كەسانەی خۆیان به بەرپرسیار دەزانن و وزەی بەربەرەكانیان هەیه بێدەنگ نەبن و باشترین بەرهەلستكاری له بەرامبەر ئەم پێشێلكاریانه خۆ به رێكخستنه و بەربەرەكانی.

بەردەوامی دەستەلاتی دیكتاتۆر كۆمەڵگای بێدەنگ و ئارامی پێویسته.

كۆمەڵەی مافی مرۆڤی كورد - ئوروپا
20111209

---